www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:25 20-10-2006

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی ... نزای 5

nigaral_24@freenet. de

دێوەزمەی خەونە وەنەوشەییەکان
من هاتمە لات بۆ ئەوەی تۆ
لە مانای خەونی چۆلەکە و
لە ڕەنگی دار ئەرخەوانی مامەیارە و سەیوان 1 بگەیت
من هاتمە لات بۆ ئەوەی تۆ
لەمانای سیمای چاوان و
لە غوربەتی ئەستێرە و هەسارە بگەیت
من هاتمە لات هەر بۆ ئەوەی
تەزبیحی دەنکە هەلاڵەی گوڵە ئەستێرەت بە مە دەست
من هاتمە لات هەر بۆ ئەوەی
ناخی خۆم بخەمە
سەر سفرەی خوانی ئەستێرە، تاکو برسێتیت بشکێنم
من نەم زانی تۆ نەک برسیت
تۆ تینووشیت
من نەم زانی ڕەزە مێوی خەون و خەیاڵی سەرابیم دەڕنیتەوە
من نەم زانی تۆ ماچی لێوی ئەستێرەکان دەدزیت و
قسەکانی دێوەزمەی نەمامی ڕق بە گوێی مندا دەدەیتەوە
بۆیە منیش بە سۆزی سەوزی گێلمەوە
لە سەر سەکۆی حەزە زەردەکانت چیچکەم کرد و
تۆش بارانی هەوری دڵ ڕەقی کۆمەڵگات
بە سەرمدا باراند
تا سەر تاپای هەموو جەستەم
بە بارانی حەزی ڕقت هەمووی تەڕبوو
بۆیە منیش ناچار بووم و هاوارم کرد پڕ بە دنیا
ئاخر تەنیا تاوانی من هەر ئەوەبوو خۆشم ویستیت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

1 سەیوان و مامەیارە: سەیوان ناوی گردێکە لە شاری سلێمانی، کە بۆتە گۆڕستان و مامەیارەش گۆڕی پیرەمێردی شاعیری لێیە.

نیگار عەلی... ئەڵمانیا ... 17. 10. 2006